ئیلۆن ماسک لە ماوەی تەنها یەک ڕۆژدا زیاتر لە 20 ملیار دۆلاری لەدەستدا

ملیاردێری ئەمریکی "ئیلۆن ماسک" لە ماوەی یەک ڕۆژدا نزیکەی 20.3 ملیار دۆلاری لەدەستدا، ئەمەش دوای ئۆوەی پشکی کەمپانیای ئۆتۆمبێلی کارەبایی "تەسلا" لە بۆرسەی ئەمریکا دابەزی.

بەگوێرەی ڕۆژنامەی ئیکۆمیک تایمز، "پشکەکانی تەسلا بە ڕۆژی 9.7٪ دابەزیون دوای ئۆوەی ئیلۆن ماسک، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کەمپانیای تەسلا پێشووتر پێشبینی کرد کە کەمپانیاکە بەردەوام دەبێت لە دابەزینی نرخی ئۆتۆمبێلە کارەباییەکانی.

بەپێی داتاکانی بلۆمبەرگ، سامانی ماسک بە ڕۆژی نزیکەی 20.3 ملیار دۆلار کەمیکردووە و گەیشتە 234.4 ملیار دۆلار، ئەمەش خۆتەم گەورەترین دابەزینی سامانی ماسکە لە مێژووداً.

سەرەڕای ئۆوەی سامانی ئیلۆن ماسک کەمیکردووە، بەڵام پێگەی خۆی وەک دەوڵەمەندترین پیاوی جیهان هەشتتۆوە.